# کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرپادەکرێت

ڕۆژی 17-2- 2008 کۆمیتەی ئامادەکار بۆپێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە ئامادەبوونی زوربەی ئەندامانی و بەمیوانداری هەیئەتێك لە مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە پێکهاتبوون لە(ڕێبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی مەرکەزی و سامان کەریم جێگری سکرتێرو، موئەید ئەحمەد، محەمەد عەزیز)، کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

کۆبونەوەکە لەگەڵ چاوگێرانەوە بەسەر ئەو کارو هەنگاوانەی تائێستا لەڕاستای پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا کراوە، پێداگری لەسەر ئەوەکرد کەدابینکردنی ڕابەرایەتیەکی جێگیر لەکوردستان سەرەکیترین پێداویستییە کە پیویستە بۆ تەواوبوونی پرۆسەی پێکهێنانی حزب. لەبارەی چۆنیەتی دابینکردنی ئەمەوە بە تێروتەسەلی قسەوباسکرا.

خۆتەرخانکردنی ڕیزێکی بەرین لەکادرانی ڕابەری پێشووی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە کۆنگرەی چوارەمی ئەم حزبەدا، بۆپێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، مەسەلەی دابینبوونی ڕابەری سیاسی جێگیر لەکوردستانی وەلام پێدایەوە. کە هەر لەم کۆبونەوەیەدا ئەو ئامادەییە بە ڕاشکاوی ڕاگەیەنرا.

ئامادەیی ئەم هاورێیانەی ڕابەری بۆ بەرپرسیاریتی هەڵگرتن بۆ پێکهێنانی حزب و بەرپرسیاریەتی نیشاندان بۆ دابینکردنی ڕابەریەکی سیاسی جێگیرو، پێکهاتنی هەستەیەکی ڕابەری، فەزا و دۆخێکی تازەی هێنایە ئاراوە. بەمەش پێویستی سەرەکی پێکهاتنی حزب دابین بوو.

لەسەر بنەمای ئەم ئاڵوگۆڕ و ئامادەییانەو ئەو کارانەی لەماوەی 6 مانگی ڕابردوودا کراون، کۆبونەوەکە بڕیاریدا کە بەم زووانە کۆنگرەی دامەزرێنەری خۆی بەرپا بکات و حزب پێکبهێنێت. هەر لە کۆبونەوەکەدا کاتی بەستنی کۆنگرە دیاریکرا ولیژنەیەك بۆ ئامادەکارییە سیاسی و ڕێکخراوەیی و عەمەلی و فەنییەکان .... پێکهێنرا.

کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، کۆنگرەی پێکهێنانی حزبێکە، بەوێنەی هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی و مارکسیستی و ڕادیکاڵ وئەنتەرناسیونالست، کە تێدەکۆشێت بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگای هێنانەمەیدانی چینی کرێکاری کوردستان وەکو هێزێکی بەتوانای سیاسی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندن و جێگیرکردنی حکومەتی کرێکاری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا.

کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی تەواوی هەڵسوراوان و پێشرەوانی بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان ولاوان و ناوەندو کۆڕوکۆمەڵە چەپ و کۆمۆنیست و کەسایەتییە سیاسی و پێشکەوتنخوازەکان دەکات، کە بە پرۆسەی پێکهێنانی ئەم حیزبەوە پەیوەست بن و بەدەوری خۆیان بەشداری بکەن لەسەرخستنی ئەم پرۆسەیە. هەروەها دەتوانن بە ناردنی پێشنیارەکانیان هاوکاری بکەن لەسەرخستنی کۆنگرە.

**کۆمیتەی ئامادەکار بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**2008-2-23**

بە مەبەستی پەیوەستبوون یان هەر جۆرە هاوکاریەك لەگەڵ ئەم پرۆسەیە دەتوانن پەیوەندی بکەن بەم هاورێیانەی خوارەوە:

عبدالله مەحمود 07704012000 — عوسمانی حاجی مارف 07701570050

ئازاد مەجید 07701231010 — زمناکۆ عەزیز 07701521852

شەماڵ عەلی 07702432296